# یانەی زاخۆ محەمەد قوەیەز دەکاتە ڕاهێنەری یانەکەی



بەمەبەستی باشتر بوونی ئاستی یانەکەی لەیارییەکانی خولی بژاردەی یانەکانی عێراقی، دەستەی کارگێڕی یانەی زاخۆ بەفەرمی محەمەد قوەیەزی ڕاهێنەری سوری بەڕاهێنەری یانەکەی دەستنیشان کرد. دوای ئەوەی یانەی زاخۆ لەچەند هەفتەی پێشوو دەست لەکارکێشانەوەی نازم شاکری ڕاهێنەری یانەکەی پەسندکرد و دەستەی کارگێڕی یانەکەش لەهەوڵی ئەوەبوون کەسێکی بەتوانا بکەنە ڕاهێنەری یانەی زاخۆ لەیارییەکانی داهاتوو. لەم بارەشەوە یانەکە پێوەندی بە ئەیوب ئۆدیشۆی ڕاهێنەری پێشووی یانەی هەولێر کرد، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێك نەگەشیتنە ڕێکەوتن. لەدوایین پێشهاتیشدا یانەی زاخۆ بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ محەمەد قوەیەز مۆرکرد. لەبارەی گرێبەستەکەش عەبدولوەهاب محەمەد بارزانی سەرۆکی دەستەی کارگێڕی یانەی زاخۆ بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی «ئێمە بۆئەوەی ئاستی یانەکەمان بەرەوپێش ببیەن، پێوەندیمان کرد بەچەند ڕاهێنەرێکی بەتوانا بۆئەوەی مشەقی یانەکەمان لەئەستۆ بگرن، بەڵام دواجار توانیمان لەگەڵ محەمەد قوەیەزی سوری بگەینە ڕێکەوتن بۆئەوەی سەرپەرشتی مەشقی یانەی زاخۆ بکات لەخولی عێراقی. گوتیشی گرێبەستی ناوبراو لەگەڵ ئێمە بۆ یەك وەرزە بەبڕی ٩٠هەزار دۆلار، گوتیشی ئێمە لەماوەی داهاتوو دەمانەوێ ئاستی یانەی زاخۆ بەرز بێتەوە بگەڕێتەوە نێو خانەی ململانێیەکانی خولی بژاردەی عێراقی، گوتیشی هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لەیانەکە بەهیوای ئەوەشین سەرکەوتووبین لەمۆرکردنی ئەو گرێبەستە.

## دوو هۆڵی داخراوی وەرزشی لەدهۆک دروست دەکرێن

بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتری ئاستی وەرزش و گرنگیدان بەوەرزشی نێو هۆڵە داخراوەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی ژێرخانی وەرزشی، لەسەر ئەرکی پڕۆژەکانی پارێزگاری دهۆك دوو هۆڵی داخراوی وەرزشی نێودەوڵەتی بۆ هەریەك لەیانەکانی دهۆك و سەنحاریب دروست دەکرێت. لەسەر ڕووبەری ٦هەزار مەتر دووجا و لەسەر دیزاینی شێوازی تورکی کە هەر یاریگایەك جێگای پتر لەشەش هەزار هاندەری وەرزشی دەبێتەوە بڕی پارەی تێچووی هۆڵی یانەی دهۆك دەگاتە ٦ملیار دینار، هۆڵی یانەی دهۆك تایبەت دەبێت بۆیارییەکانی تیپی باسکە و باله و تۆپی دەستی و ماوەی پڕۆژەکەش ٢٠مانگ دەخاینێ. هۆڵی یانەی سەنحاریبیش کە بەهۆی ئەنجامە باشەکانی کچانی سەنحاریب بۆیان دروست دەکرێت بڕی ٥ملیار دیناری بۆسەرف دەکرێت لەلایەن کۆمپانیایەکی تایبەت بەدروستکردنی هۆڵی وەرزشی و بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردن و نیشتەجێکردنی دهۆك سەرپەرشتی دەکات و جێگای نزیکەی هەزار هاندەری وەرزشی تێدا دەبێتەوە، ئەو هۆلەش ژمارەیەك یاری لەخۆی دەگرێت و دەبێتە بارەگەیەکیش بۆیانەی سەنحاریب، مەبەست لەدروستکردنی ئەم دوو هۆڵەش بەهۆی ئاستی بەرزی هەریەك لەتیپەکانی باسکەی یانەکانی دهۆك و سەنحاریبە لەشاری دهۆك لەهەردوو ئاستی کوڕان و کچان کە پاڵەوانی عێراقن و سەری شارەکەیان بەرز کردۆتەوە لەیارییەکانی خولی عێراقی.





## کوردێک دەبێتە سەرۆکی یەکێتی تێنسی سەر زەوی عێراقی

لەشاری بەغدا لەهۆڵی هوتێلی قەسری سوڵتان بەئامادەبوونی دەستەی گشتی یەکێتی ناوەندی تێنسی سەرزەوی عێراقی و لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی دەستەی تازەی یەکێتی تێنسی سەر زەوی هەڵبژێردرا، لەئەنجامی پرۆسەی دەنگدانەکانیشدا ئەندامە کوردەکانی یەکێتیەکە توانیان باڵا دەستی خۆیان لەهەڵبژاردنەکان پێشانبدەن. بە بەدەستهێنانی چەند ئەنجامێکی بەرچاو، دوای ئەوەی ئاسۆ عادل کوڕە کوردی شاری کەرکوك توانی بەزۆرینەی دەنگ متمانەی سەرۆکی بوونی یەکێتیەکەی بەدەستهێنا بە کۆکردنەوەی ٥٤دەنگ و وریا عەبدول قادریش لەشاری هەولێر بەجێگری یەکەمی یەکێتیەکە توانی ٥٣دەنگ بەدەست بهێنێ، هەریەك لەهەڤاڵ خورشید بە ٥٢دەنگ و سەعید خەلیل بە٥٠دەنگ بوونە ئەندامی یەکێتیەکە، کوردەکان لەم هەڵبژاردنە توانیان چوار کورسی یەکێتیەکە بۆخۆیان بەدەست بهێنن. لەم بارەشەوە ئاسۆ عادل سەرۆکی تازەی یەکێتی تێنسی سەرزەوی عێراقی بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی «خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم کە توانیم متمانەی تەواوی دەنگدەران بەدەستبهێنم بەهیوای ئەوەم کاری باشتر بکەین بۆ بەرەو پێشبردنی یاری تێنسی سەر زەوی لەشارەکانی عێراق و بتوانین ژمارەیەك کادیری بەتوانا دروست بکەین و بەرنامەیەکی باشتر دابنێن بۆپێشکەوتنی ئەو یارییە.

# باخان عەدنان یاریزانی شمشێربازی یانەی کلدان:
# لەپاڵەوانێتی یانەکانی کوردستان و عێراق و شاری سلێمانی پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە

یاری شمشـــێربازی یەکێکە لەو یارییە تاکانەی کە لەســـەر ئاستی جیهان گرنیگەکی زۆری پێ دەدرێت، لەئێستاشدا لەکوردستان و عێراق گرنگی بەرچاو بەیاری شمێشـــربازی دەدرێت بۆئەوەی بتوانرێ پەرە بەم یارییە بدرێت و ئاســـت و توانای وەکو یارییەکانی تری لێ بێت، لەشاری سلێمانیش لەئێستادا لەئاستی کچان ڕۆڵی باشـــی هەیە لەدروســـتکردنی یاریزانان و لەم ناوەشدا باخان عەدنان یەکێکە لەو یاریزانەی کە ئاست و ئەنجامی بەرچاوە لەسەر کوردستان و عێراق ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی شاری سلێمانیە و یاریزانی یانەی کلدانە، هاوکات دەرچووی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشیە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو هاتیە نێو دنیای یاری شمشێربازی؟**

-بەهـــۆی ئەو حەز و خولیایەی کە بۆ ئـــەم یارییەم هەبوو، هاوکاتیش لەم یارییە دەمتوانی ئاســـت و ئەنجامی بەرچاو بەدەستبهێنم بۆیە بڕیاری ئەوەم داوە ببمە یەکێك لەیاریزانەکانی ئەو یارییە جیهانیە.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

-لەئێستادا ئاستی ئەو یارییە باشە، بەڵام وەکو ئەوەش نییە بڵێین لەئاستێکی بەرزە، چونکە ئەو یارییە زیاتر یاری ئاســـنینە لەگەڵ ئەوەشـــدا یاریزانانی یانەکانی کوردستان ڕوو لەم وەرزشە دەکەن لەئاییندە باشتر دەبێت.

*** چی بکرێت باشـــە بۆئەوەی ئاســـتی ئەم یارییە بەرەوپێشچوونی باش بەخۆیەوە ببینێ؟**

-پێویستە قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لەگشت شارەکانی کوردستان و عێراق بکرێتەوە، یانەکانیش گرنگی زیاتر بەم یارییە بدەن. لەڕووی ماددییەوە پشتگیری یانەکان بکرێت و ئامێری پێشکەوتوو بۆ ئەم یارییە بهێنرێت، باوەڕم وایە ئاستی یارییەکە زۆر بەرەو پێش دەچێت.

*** ئەی لەشاری سلێمانی گرنگی بەم یارییە دەدرێت؟**

-بێگومان شاری سلێمانی هەمیشە لەپێشـــکەوتندایە لەگشت وەرزشەکان بەتایبەتی یارییەکەی خۆشمان کە شمشێرە یانەکان لەئێستادا وا خەریکن تیپ دروست دەکەن و ململانێ دەکەن.

*** ئـــەو یارییە زیاتر یاری شمشـــێر بەکارهێنانـــە، هیـــچ کات تووشـــی گرفـــت نەبوویتە یاخود بۆکچان ئەستەم نییە؟**

-نەخێر هیچ کات تووشی گرفت نەبوویمە و پێشموایە بۆکچان یارییەکی ئاسانە و تووشی کێشە نابن هەروەکو یارییەکانی ترە.

*** جگە لەیاری شمشێربازی هیچ یارییەکی ترت ئەنجام داوە؟**

-بەڵێ پێشـــتر هەریەك لەیارییەکانی تۆپی پێ و تۆپی دەست و باسکە و گۆڕەپان و مەیدانم ئەنجامداوە، ئێستاش یاریزانی شمشێر بازیم.

*** خانەوادەکەت هیچ کات ڕێگریت لێ ناکەن لەوەرزش کردن؟**

-نەخێر، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆر هاوکاریشم دەکەن هیچ کات ڕێگرم نەبوونە لەوەرزش کردن، بگرە هاوکارییەکی یەکجار زۆریان کردومە، بەڵام خێزان هەیە ڕێگری لەکچەکانیان دەکەن لەوەرزش ئەوەش کارێکی تەندروست نییە.

*** کێشەو گرفتی ئەو یارییە زیاتر لەچی ڕەنگ دەداتەوە؟**

-نەبوونی هۆڵێکی تایبەت بەم یارییە لەزۆربەی شـــارەکان ئەوەش کێشەیە کەناهێڵێت یاریزان زۆر ڕوو لەم یارییە بکەن. نەبوونی ئامێری پێشـــکەوتوو و کەمی کەمپی دەرەکی لەدەرەوەی وڵات ئەوانە هەمووی کێشەن لەم یارییە.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزانێك چین؟**

-وەکو یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق بەشـــداری پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبیم کردووە پلەی ســـێ یەمـــم وەکو تاك بەدەســـتهێناوە، وەکـــو تیپیش لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق ئەنجاممان هەبووە و لەپاڵەوانێتی یانەکانی کوردســـتان و عێراق و شاری سلێمانی پلەی یەکەمم بەدەستهێناوە.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك؟**

-بەهیوای ئەوەم گرنگی زیاتر بەم یارییە بدرێت و بتوانم لەپاڵەوانێتی ئاسیا و جیهانیـــش ئەنجامی بەرچاو بەخۆم بەدەســـتبهێنم و ناوی خۆم و وڵاتەکەم بەرزکەمەوە.

*** یانەکەتان چۆن هاوکاریتان دەکات؟**

-کەمتەرخەمیـــان نەکردووە ئەوپەڕی توانای خۆیان بۆمان خســـتۆتە گەڕ بۆئەوەی ئاســـتمان بەرز بێتەوە، ئێمەش ئەنجاممان هەبووە. یەکێتی ناوەندی شمشێربازیش کەمتەرخەمی نەکردووە بەخزمەت کردنمان.


*** داواکاری و پێشنیارت بۆلایەنی بەرپرس؟**

-بەهیـــوای ئەوەم گرنگی زیاتر بەم یارییە جیهانیـــە بدرێت، خولی زیاتر بۆکچان بکرێتەوە و ژمارەی کچان زیاتر بکرێت و یانەکان زیاتر پشـــتگیری لەیاریزانان بکەن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لەکۆتاییی؟**

-ســـوپاس بۆئێوە بەهیوای ئەوەم ئـــەم یارییـــە لەداهاتوو گرنگی زیاتری پـــێ بدرێت و کچانیش زیاتر ڕوو لەم یارییە بکەن.





## پیکی: هیچ ناکۆکیەک لەنێوان من و گواردیۆلادا نییە

یاریزانــی هێڵی بەرگری یانەی بەرشــلۆنە جیرارد پیکی ســەرجەم ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە گوایە ناکۆکی و کێشە لەنێوان ئەو و ڕاهێنەر پیپ گواردیۆلا هەبێت، پیکــی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی گوتی: ڕاهێنەر گواردیۆلا هەلێکــی پێدام بۆ ئەزموونێکی تــازە و جوان لەگەڵ یانەی بەرشــلۆنە کە گەورەترین تیپە لەمێژوودا، بۆیە پێویســتە من سوپاسی بکەم تــا کۆتایی ژیانم و بەهیچ شــێوەیەك گفتوگۆی لەگەڵ ناکەم لەبڕیارەکانی، ســەبارەت بەیارییەکەی بایــەر لیڤەرکوزن ڕاهێنەر بڕیار دەدات و ئێمەش پێویستە ڕێزی لێبگرین.

ســەبارەت بەتازەکردنەوەی بۆندی گواردیۆلا و پێوەندی نێوانیان، پیکی گوتی: دەمەوێ بۆتانی دووپات بکەمەوە کە پێوەندی نێوانمان زۆر بەهێزە و هەردەم لەگەڵ یەك قســە دەکەین و بیــروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەین، دڵنیاتان دەکەمەوە کە هیچ کێشەیەك لەنێوانمان نییە، ئێمە زۆر خۆشحاڵین لەگەڵ گواردیۆلا، چونکە ئەو فاکتەرێکی ســەرەکییە لەژووری خۆگۆڕین و لەوەرزی یەکەمەوە زۆر شــتی تازەی فێرکردووین، بۆیە ئێمە حەز دەکەین بەردەوام بێت، بەڵام بڕیاری کۆتایی بۆخۆی دەگەڕێتەوە.

پیکی ئەوەشــی ڕەتکردەوە کە ژیانــی تایبەتی کاریگەری هەبێت لەســەر ئاســتی یاریکردنی لەگەڵ بەرشــلۆنە، لەمباریــەوە گوتی: من هــەوڵ دەدەم باشــترین ئاســت پێشــکەش بکەم، من لــەوەرزی یەکەم هەموو توانای خۆم پێشکەشــکرد بۆ بەدەســتهێنانی نازناوەکان، وابزانم ئاستم کاریگەری نابێــت بەژیانــی تایبەتــی خۆمەوە، ئــەوەی لەلای من گرنگە هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکان و دەسکەوتەکان لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە.




## میسی بەردەوامە لەژمارە پێوانەییەکانی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە

یاریزان و ئەستێرەی ئەرژەنتینی لیۆنیل میسی بەردەوامە لەشکاندنی ژمارە پێوانەییەکان لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە، میسی بووە بچووکترین یاریزان لەمێژووی یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا کە ٢٠٠ یاری لەخولی ئیسپانیا بەدرێسی یانەی بەرشلۆنە ئەنجام دەدات کاتێ بەشداری لەیاری نێوان هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ڤالانسیا کرد و سوپەر هاتریکی تۆمار کرد، یارییەکەش بەئەنجامی (٥ – ١) گۆڵ لەبەرژەوەندی بەرشلۆنە کۆتایی هات، ژمارەی پێشوو بەناوی یاریزان زاڤی هێرناندیز بوو کە یاری ژمارە ٢٠٠ی لەتەمەنی ٢٥ ساڵ و ٢٣٦ ڕۆژ ئەنجامدا لەو کاتەی میسی لەتەمەنی ٢٤ ساڵ و ٢٤٠ ڕۆژ یاری ژمارە ٢٠٠ی ئەنجامدا.

میسی یەکەم یاری خۆی لەگەڵ بەرشلۆنە لەڕێکەوتی ١٦ی ئەکتۆبەری ٢٠٠٤ لەبەرامبەر یانەی ئیسپانیۆل ئەنجامدا، میسی باشترین یاریزانی جیهان لەسێ ساڵی ڕابردوو بووە و پێنجەم یاریزان لەیانەی بەرشلۆنە کە ٢٠٠ یاریان لەخولی ئیسپانیا ئەنجامداوە لەدوای یاریزانان زاڤی هێرناندیز (٤٠١) یاری و کارلیس پیۆل (٣٥٩) یاری و ڤکتۆر ڤالدیز (٣١٧) یاری و ئەندرێس ئەنێستا (٢٥٨) یاری.

لەلایەکی دیکەوە میسی پێویستی بە١٤ گۆڵی دیکەیە بۆ ئەوەی ببێتە گۆڵکەری مێژوویی یانەی بەرشلۆنە.

# رائول گۆنزالیز گەیشتە گۆڵی ژمارە ٤٠٠



ئەستێرەی بەناوبانگی ئیسپانی ڕائول گۆنزالیز یاریزانی یانەی شالکەی ئەڵمانی لەیاری یانەکەی بەرامبەر یانەی ڤۆلفسبۆرگ لەهەفتەی ٢٢ی خولی ئەڵمانیا کە بەئەنجامی (٤-١) گۆڵ لەبەرژەوەندی شالکە کۆتایی هات گۆڵی یەکەمی تۆمار کرد، ئەم گۆڵە گۆڵێکی تایبەت بوو لەژیانی یاریزان ڕائول، چونکە گۆڵی ژمارە ٤٠٠ بوو بۆ ڕائول لەمێژووی وەرزشیدا وەك یاریزانێکی پیشەگەر.

رائول لەدوای یارییەکە گوتی : لای من سەرکەوتنی تیپەکەم لەدەسکەوتە کەسییەکان گرنگترە، بەڕاستی نەمدەزانی ئەوە گۆڵی ژمارە ٤٠٠ بوو بۆ من.

گۆڵەکانی ڕائول بەم شێوەیە بووە، **٣٢٣** گۆڵ لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید کە یەکەم یاری لەڕێکەوتی **١٩٩٤/١٠/٢٩** بوو، **٤٤** گۆڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا، **٣٣** گۆڵ لەگەڵ یانەی شالکە، ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ستایشی ئاستی یاریزان ڕائولی کرد بەگەیشتنی بۆ گۆڵی ژمارە ٤٠٠.



## ڤینگەر: پلەی چوارەم ئامانجی یانەی ئەرسناڵە

**ئارسن ڤینگەر ڕاهێنەری یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی دانی بەوە دانا کە یانەکەی لەم وەرزە ناتوانێ هیچ نازناوێك بەدەست بهێنێت و ئامانجی ئێستای یانەی ئەرسنال بەدەستهێنانی پلەی چوارەمە لەخولی ئینگلتەرا، ڤینگەر لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەیلی مێل گوتی: بەدەستهێنانی کورسییەك لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای وەرزی داهاتوو وەك بەدەستهێنانی نازناوێکە بۆ یانەی ئەرسنال، ئامانجی یەکەممان کۆتایی هێنانی ئەم وەرزەیە لەچوارگۆشەی زێڕینی خولی ئینگلتەرا، وابزانم بەدەستهێنانی پلەی چوارەم دەسکەوتێکی گرنگە بۆ بەشداریکردن لەچامپیۆنزلیگ، پێویستە تەنیا بیر لەو ئامانجە بکەینەوە و یاریزانەکان یەکگرتوو بن بۆ بەدیهێنانی.**

**ڤینگەر ئەوەشی ڕاگەیاند کە پێکانی یاریزانی ئەڵمانی پیر میرتساکەر پێکانێکی سەختە و تا کۆتایی ئەم وەرزە ناتوانێت یاری بکات، هەروەها ئەوەشی ڕوونکردەوە کە دۆڕاندنی ئەرسنال بەرامبەر میلان بەچوار گۆڵ هیچ پاساوێکی نییە و ئەم دۆڕاندنەش هۆکاری دەرچوونی ئەرسنال بوو لەقۆناغی ١٦ی جامی ئینگلتەرا لەبەرامبەر یانەی سەندەرلاند.**





## ئیڤەر بانیگا تا کۆتایی وەرز یاری ناکات

یاریزانی ئەرژەنتینی ئیڤەر بانیگا یاریزانی هێلی ناوەڕاستی یانەی ڤالانسیای ئیسپانی تووشی پێکانێکی سەخت هاتووە لە گۆزینگی قاچی ڕاستەی و تا کۆتایی ئەم وەرزە لە یاریگاکان دوور دەکەوێتەوە، بانیگا لە دوای تەواو بوونی مەشقەکانی یانەکەی لە یەکێك لە وێستگەکانی وزەدا وەستا بوو بۆ ئەوەی بەنزین لە ئۆتۆمبیلەکەی بکات و لەبیری کردبوو کە (هاندەر برێك) رابکێشێت بۆیە ئۆتۆمبیلەکەی گەڕابۆوە و بەسەر قاچی کەوت.

ماڵپەڕی فەرمی یانەی ڤالانسیا رایگەیاند کە بانیگای تەمەن **٢٣** ساڵ تووشی ڕووداوێکی ئۆتۆمبیل بووە لەو کاتەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسپانیا دووپاتیان کردووە کە گۆزینگی قاچی ڕاستەی شکاوە و تاکۆتایی ئەم وەرزە لە یاریگاکان دوور دەکەوێتەوە، بانیگا نەشتەرگەرێکی بۆ ئەنجامدراوە بۆ ئەوەی لەم پێکانە چارەسەر بکرێت.

# لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا یانەی هەولێر بەفەرمی یاریزانە نوییەکانی پێشکەش بەدەزگا ڕاگەیاندنەکان کرد


هەفتەی ڕابردوو لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا یانەی هەولێر بەفەرمی شەش یاریزانی پێشکەش بەدەزگا ڕاگەیاندنەکانی کوردستان و عێراق کرد، لەم کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیە ژمارەیەکی بەرچاوی دەزگا ڕاگەیاندنەکان و جەماوەری وەرزشی یانەی هەولێر ئامادەی بوون، لەسەرەتای کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکە د.عەبدوڵڵا مەجید سەرۆکی یانەی هەولێر باسی لەگرنگی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ ئەم شەش یاریزانە کرد و گوتی: هاتنی ئەم یاریزانانە لەسەر داواکاری ڕاهێنەری یانەکەمان نەزار مەحروس بوو، بۆ ئەوەی خاڵە لاوازەکانی تیپەکە چارەسەر بکات و بتوانێت لەجامی یەکێتی ئاسیا تیپێکی بەهێز دروست بکات.











دواتر مەحمود عەزیز سکرتێری یانەی هەولێر ناوی یاریزانە نوییەکانی ئاشکرا کرد لەگەڵ بڕی گرێبەستی یاریزانان، کە بەمشێوەیە خوارەوەیە.

١- نەدیم سەباغ یاریزانی پێشووی یانەی جەیش و هەڵبژاردەی سوریا لەهێڵی ناوەڕاست لەباڵی چەپ یاری دەکات، بڕی گرێبەستەکە (٧٠) هەزار دۆلارە، ئەم یاریزانە لەخولی عێراق ژمارەی درێسی (١٢)یە.

٢- یاریزانی سوری عەبدولڕەزاق حوسێن یاریزانی پێشووی یانەی تەعاون-ی سعودی و یاریزانی هەڵبژاردەی سوریا لەهێڵی ناوەڕاست یاری دەکات، بڕی گرێبەستەکە (٨٠) هەزار دۆلارە، ئەم یاریزانە ژمارەی درێسی لەگەڵ یانەی هەولێر (٩) یە.

٣- یاریزانی ئۆگەندی ئیڤان بۆکینیا لەڕیزی هەڵبژاردەی ئۆگەندە یاری کردووە و یاریزانی هێڵی بەرگریە، بڕی گرێبەستەکە (٧٠) هەزار دۆلارە، ئەم یاریزانە ژمارەی درێسی لەگەڵ یانەی هەولێر (١٤)یە.

٤- یاریزانی نێجیری ئیڤی ئۆبۆدی، ئەم یاریزانە لەخولی تایلاند یاری کردووە و پێشتر لەڕیزی یانەی تشرین-ی سوری یاریکردووە و یاریزانی هێڵی هێرشبەرە، بڕی گرێبەستەکە (٩٠) هەزار دۆلارە، ئەم یاریزانە ژمارەی درێسی لەگەڵ یانەی هەولێر (٣٣)یە.

٥- یاریزانی عێراق دانیشتووی سوریا کەنان نەعمە، ئەم یاریزانە لەڕیزی یانەی مەجد-ی سوری یاریکردووە و بەشداری لەخولی یانە پاڵەوانەکانی عەرەب و یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا کردووە و لەهێڵی ناوەڕاست باڵی ڕاست یاری دەکات، گرێبەستی ئەم یاریزانە تەنیا بەمووچەیە مانگانە (١٠٠٠) دۆلار وەردەگرێت، ئەم یاریزانە ژمارەی درێسی لەگەڵ یانەی هەولێر (١٣)یە.

٦- یاریزانی شاری سلێمانی هەرێم بورهان، کە پێشتر لەڕیزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یاری کردووە و یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان بووە، ئەم یاریزانە لەهێڵی بەرگری یاری دەکات، بڕی گرێبەستی ئەم یاریزانە (٢٥) ملیۆن دینارە، ئەم یاریزانە ژمارەی درێسی لەگەڵ یانەی هەولێر (٥)ە.




ڕێبین ڕەمزی



## خولی ڕاهێنەرانی کوردستان لەوڵاتی پۆڵندا کۆتایی هات

هەفتـــەی ڕابردوو لەوڵاتی پۆڵندا کۆتایی بەخولی ڕاهێنەرانی یانە پلە نایابەکانی کوردستان هات، کە ماوەی ٩ ڕۆژی خایاند، لەکۆتایی خولەکەدا (سەفین کانەبی) سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان دیاریی یەکێتیەکەی پێشکەشی بەئامادەبووان کرد، دواتر بڕوانامەی باوەڕپێکراوی ئەورووپی بەسەر ڕاهێنەرە بەشداربووەکان دابەشکراو هەردوو یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و یەکێتی تۆپی پێی پۆڵندا دیاریی خۆیان ئاڵوگۆڕکرد.

جێی باسە ماوەی ٩ ڕۆژە ٢٢ ڕاهێنەری هەرێمەکەمان لەلایەن یەکێتی ناوەنـــدی تۆپی پێی کوردســـتانەوە خولێکی چڕوپڕ و ئاســـتبەرزیان بۆ کراوەتەوە و لەگەڵ ئەوەشـــدا یاریگای نیشتمانی پۆڵندایان بەسەرکردەوە و ئامادەی یارییەکی خولی ئەورووپا بوون.

## هەولێر لە لیستی باشترین یانەکانی جیهانە

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بۆ مێژوو و ئامار (IFFHS) لیستی باشترین یانەکانی جیهان بۆ مانگی ٢ ئاشکرا کرد، کە تیاییدا یانەی هەولێر هاتە پلەی (٢١٣) باشترین یانەکانی جیهان بەکۆکردنەوەی (٨٥) خاڵ دوای ئەوەی لەمانگی ڕابردوو لەپلەی (٢٢٦)یەم بوو، لەم ڕیزبەندە یانەی هەولێر تاکە یانەیە لەکوردستان و عێراق لەم لیستە بوونی هەیە و پێش چەندین یانەی بەناوبانگی ئەورووپا و ئاسیا و عەرەب کەوتووە، لەڕیزبەندی ئەم مانگەدا یانەی بەرشلۆنە پاریزگاری لەپێشەنگ کرد بەکۆکردنەوەی (٣٥٩) خاڵ و یانەی ڕیال مەدرید لەپلەی دووەم دێت بەکۆکردنەوەی (٣٠٢) خاڵ، ئەمەش ڕیزبەندی باشترین پێنج یانەی جیهانە.

١- بەرشلۆنە، ٢- ڕیال مەدرید، ٣- فیلزسارسفلید ئەرژەنتین، ٤- مانچستەر یونایتد، ٥- مانچستەر سیتی.

## لەهەولێر کۆتایی بەپاڵەوانێتی زانکۆکانی کوردستان هات

هەفتەی ڕابردوو لەشـــاری هەولێر کۆتایـــی بەپاڵەوانێتی زانکۆکانی کوردســـتان بۆ یارییەکانـــی تۆپی باڵە-ی کچان و کوڕان و تێنســـی سەرزەوی کوڕان و کچان و شەترەنج بۆ کچان و کوڕان هات.

لەیاریگـــەی کۆلێژی زانســـت لەشاری هەولێر کۆتایی بەپاڵەوانێتی تێنســـی ســـەرزەوی هات، کاتێك کچانـــی زانکۆی دهـــۆك توانیان نازنـــاوی پاڵەوانێتیەکـــە بۆخۆیان مســـۆگەر بکـــەن و بەئەنجامی (٢-ســـفر ) گێـــم و لەکچانـــی زانکـــۆی ســـەڵاحەدین ببەنەوە، کچانی زانکۆی ســـلێمانی پلەی سێیەمییان بەدەستهێنا.



لەپاڵەوانێتی شـــەترەنج ئەنجامی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتیە بەمشێوەیە بوو لەسەر ئاستی کوڕان ١- زانکۆی سەڵاحەدین، ٢- زانکۆی دهۆك، ٣- زانکۆی سلێمانی.

لەیـــاری کۆتایـــی تۆپی باڵەی کچان لەهۆڵـــی داخراوی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشـــی زانکۆی ســـەڵاحەدین لەنێوان هـــەردوو زانکۆی دهۆك و کۆیە بەڕێوەچوو، کە تیایدا زانکۆی دهۆك توانی بەئەنجامی (٣-سفر) گێم لەکچانی زانکۆی کۆیە بباتەوە.

لەیارییەکی تردا لەهەمان هۆڵ هـــەردوو زانکۆی ســـەڵاحەدین و ســـلێمانی لەیاری کۆتایی تۆپی باڵەی کوڕان بەیەك گەیشتن، کە تیایدا کوڕانی زانکۆی سەلاحەدین توانیان بەئەنجامی (٣-سفر) گێم لەزانکۆی سلێمانی ببەنەوە.

ئەم پاڵەوانێتیە ماوەی ٥ ڕۆژی خایانـــد بـــە بەشـــداریکردنی ٩ زانکۆی کوردستان هەریەکە لەزانکۆی سەڵاحەدین و زانکۆی هەولێری پزیشکی میوانداری یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتییەیان دەکرد.